# لەگەڵ هەڵسوڕاوانی مەیدانی ژناندا



دوای هەلومەرجێک لە کوردستاندا هاتۆتە پێشەوە لەسەرمەسەلەی کوشتنی ژنان و پەرەسەندنی ئەم دیاردە نائینسانیە و بێدەنگی دەسەڵات و وەڵام نەدانەوە بەم مەسؤلیتە گەورەیە بە باشم زانی پڕۆژەی گفتووگۆ لەگەڵ ژنانی هەڵسوڕاو ئازادیخواز لەم مەیداند ادەستپێبکەم. وە بە کارێکی پێویست و ئینسانی خۆمم زانی تا پێکەوە بزانین ئەم ژنانە چی دەڵین چ ڕێگا چارەیەک ئەوان پێیان باشە و چ پێشنیارێک دەخەنەڕوو تا بتوانین پێکەوە کاری لەسەر بکەین و ژنان لەم میحنەتە ڕزگار بکەین.

یەکێک لە هەڵسوڕاوانی دیاری ئەم بزووتنەوەیە کە نەخشی دیاری هەبووەهەر لەسەرەتای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەساڵی 1991وە تا ئێستا شەخسیەتێکی بەرچاو و بەرگریکەرێکی سەرسەختی مافەکانی ژنان بووە، ئەو هەڵسوڕاوەش هاوڕێ **(ئاڵا فەرج)**ە بۆیە بە پێویستم زانی لە نزیکەوە بە چەند پرسیارێک بیدوێنم لەسەر کێشەی ژنان لەمڕۆی کوردستاندا.

**1. ژنان لە کوردستاندا ڕۆژانە ڕووبەڕوی توندووتیژی دەبنەوە. ئەم مەوجە توندوتیژیە ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندایە. تۆ هۆکاری ئەم زیادبوونی توند و تیژیە دەگەڕێنیتەوە بۆ چی؟**

ئاڵا/ بەڕای من ئەگەر تەماشای وەزعی ژنانی کوردستان بکەین ڕێژەی توند و تیژی کە دژ بە سەرەتایی ترین مافی ژنان دەکرێت ڕۆژانە ڕوو لە زیاد بوونە، ڕۆژێک مەسەلەی ناموسی ژنانی لەسەر سەنگەسار دەکرێت وەک ئەوەی بەسەر (دوعا)ی 17ساڵانیاندا هێنا، ڕۆژێکی تر کچە لاوێکی تر بە هۆی گۆڕینەوەی هەست و سۆزییەوە لەگەڵ ماڵە دراوسێکەی ئەکوژرێت. وە جگە لەوەی ڕۆژانە چەندیش خۆی ئەکوژێت و چەندیش لاشەی ناسکی ئەداتە بەر ئاگر و خۆی دەسوتێنێت، هەموو ئەم توند و تیژییانە بەرئەنجامی هەل و مەرجێکە کە یاسایەکی مۆدێرن لە کۆمەڵگای کوردستاندا تیایدا غائبە، ئەمە وای کردووە لاوان بە گشتی و ژنان بە تایبەتی بێبەشبن لە مافە مەدەنی و فەردیەکانیان ، کەئەم یاسایە نەبوو، ئیتر ژیانی چەندەها لاو دەبێتە قوربانی ئەو جەنجاڵی و بارە فەوزایەی ئێستا هەیە لە کوردستاندا. ئەمە ئەوەندەی تر دەرگای بۆ کۆنەپەرستان

ئاوالا کردوه کە تەنانەت مەسەلەی پەیوەندیی تەلەفۆنی و چاتی ئەنتەرنێتیشی کردۆتە هۆیەک بۆ کوشتنی ژنان...ئەگەر لاوان نەتوانن ژیانی هاوسەری هەڵبژێرن، یان کچان و کوڕان نەتوانن پێکەوە هەست و ئارەزوەکانیان بگۆڕنەوە ، ئیتر بەچ ڕوویەکەوە دەسەڵاتدارانی یەکێتی و پارتی باس لە مافی ژنان و ئازادی دەکەن ، کە زۆر جار بە ئیدیعای پووچ کەناڵەکانیانی پێ دەڕازێنەوە. وەک ووتم نەبوونی یاسایەکی مەدەنی مۆدێرن زاڵبونی فەرهەنگی کۆنەپەرستی ئیسلامی عەشایری دواکەوتویی کوردایەتی هۆی سەرەکی ئەم ڕوداوە جەرگ بڕانەن. بەدەرەجەی یەکەم دەسەڵاتدارانی یەکێتی و پارتی لەم وەزعە مەسئولن.

2. **دەتوانن چۆن کار بۆ چارەسەری مەسەلەی ژنان بکەن لە کوردستاندا خاڵە بنەڕەتیەکانی ئەم چارەسەرە چییە؟ ئێستا هێز و بزوتنەوەی ژنان چۆنە و لە چ ئاستێکدایە دەسەڵات تا کوێ هاوکاری ئەم بزووتنەویە دەکات؟**

ئالا/ بەڕای من مەسەلەی بوونی ڕێکخراوەکانی ژنان و بوونی ڕێکخراوەی جەماوەری و ڕادیکال دەتوانێت هاوبەشی لە چارەسەری کێشە بنەڕەتیەکانی ژناندا بکات و کۆبوونەوە بەدەوری یەک پلاتفۆرمی یەکسانیخوازانەی ژناندا دەتوانێت چارەسەری کێشەکانی ژنان بکات کە ببێتە هۆکارێکی بەهێزی فشارهێنەر بۆ سەر دەسەلاتی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و لەم ڕێگایەشەوە مەسەلەی ژنان ببێتە مەسەلەی سەرەکی کۆمەڵگا و هەموو کۆمەڵگا بەدەوری ئەم پلاتفۆرمەدا کۆبکاتەوە ، ئەوە بوو هەر لە سەردەمی شوراکانی 1991ەوە ژنانی کوردستان بە ڕابەرایەتی چەندەها ژنانی چالاک و دیفاع لە مافەکانیان ڕێکخراوی ژنانیان دروست کرد و پێشتریش چەند ڕێکخراوێکی تری ژنان هەبوون، بەڵام هیچ ڕۆڵێکیان نەبوو لە پاراستنی بەرژەوەندی و مافەکانی ژناندا. بەڵام دەتوانم بڵێم ئیتر دەست ئاوەڵابوون بۆ کار کردن لەو کاتانەوە سەری هەڵدا کە بە هێزی خەلکی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی بەعس کرانە دەرەوە لە کوردستان ، هەریەک لە ئەساسنامەی ئەم ڕێکخراوانەو لەوانەیە زۆربەی باسی مافەکانی ژنانی تیابێت و بەو ناوەوە هاتبنە مەیدان ، بەڵام بەداخەوە زۆرجار ئەمە تەنها بۆ مەسەلەیەکی سیاسی خزمەت بە سیاسەتی حیزبەکان بەکارهێنراون و کە حیزبەکەیان پێویستی بەوە بوبێت ئەو پڕوپاگەندانەیان بەرز کردۆتەوە. دەتوانم بڵێم کە زۆربەیان مامەڵەی سیاسی بە مەسەلەکانی ژنانەوە دەکەن و هیچ وەڵام بە کێشە واقعیەکانی ئەمڕۆی ژنان نادەنەوە...زۆر جار هەندێک لەم ڕێکخراوانە دەڵین ئێمە هەموو پاشکۆی حیزبەکانین، ئەگەر واش بێت و دان بەو ڕاستییەدا بنێن، ئەوا دەبێت جارێ لە تەعریفی ئەساسنامەی حیزبەکانەوە دەست پێ بکەین کە ئایا ئەوان بۆ ژنانی کوردستان چ یاسایەکیان پێیە؟
دڵ ڕاگرتنی حیزبە ئیسلامیەکان لە لایەن یەکیَتی نیشتمانی کوردستان و سیاسەتە عەشایەریەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ کات نەک زەرەیەک لە ئازارەکانی ژنانی کوردستانیان کەم نەکردۆتەوە وە بگرە زیاتریش بونەتە سەرچاوەی سەرەکی لە کوشت و بڕی ژنان و ئەتک کردن و سوکایەتی کردن بە کەرامەتییان.
بە ڕای من بوونی مەیل و گرایشاتی جیاواز لە ناو ڕێکخراوەکانی ژناندا کە دیاردەیەکی واقعیە، وای کردوە ڕێکخراوێک لەدیدگای ناسیۆنالیستیەوە ئەوی تر ئیسلامی و ئەوی تر میانڕەوی دەکات و کە

هیچ کام لەمانە ناتوانن وەڵام بە هیچ کام لە خواست وکێشەکانی ژنان وکچان بدەنەوە، ئەگەرچی جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا.

**3. دەکرێت بزووتنەوەی ژنان بکەین بە هێزێکی تۆکمە و بەرەیەکی یەکگرتوو بە بیروڕای جیاوازیشەوە، بۆ بەرگرتن بە ڕەشە کوژی ژنان؟**

ئاڵا/ هەر ڕێکخراوێک ، هەر ئینسانێکی ئازادیخواز لە ڕیزی بەرەی پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگادا بیەوێت ڕێگە لە ڕەشەکوژی ژنان بگرێت ، دەبێت فەرهەنگی ئیسلام بخاتە ناو زبڵدانەوە پاشان دەتوانێت دیفاع لە شەخسیەت و کەرامەتی ژنان وەک ئینسان بکات ، دەبێت بەو ئاسۆیەوە کار بکات کەئەو یاسایانەی ڕێگە بە کوشتنی ناموسی دەدەن لابرێن و لە شوێنیاندا یاسایەکی یەکسان بسەپێنین کە جێگەی هیچ چەشنە هەڵاواردنێکی تیا نەبێتەوە.

ئامادەکردنی/ ئاسۆگۆران
2007/06/21